# زمان سوبێکت نییە

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

(مرۆڤ چەند زمان بزانێت، ئەوەندە کەسەیە)

ئەم نووسینە هەوڵی هەڵوەشانەوەی گوتەزای (مرۆڤ چەند زمان بزانێت، ئەوەندە کەسەیە) دەدات، لە ڕێگەی پێکراوی «زمان سوبێکت نییە» لەلایەک و «زانستی تەکنۆلۆژی» لەلایەکی دیکەوە. زمان سوبێکت نییە، ئەگەرچی مرۆڤ، کەس، سوبێکت لەسەر یەک هێڵ قسەی زۆریان لەبارەوە کراوە و قسەی زۆریش هەڵدەگرن، بەڵام زانستی تەکنۆلۆژیا وەک خێرایی زانیاری و لۆژیکی ژیری، ئارەزووەکانی خودی مرۆڤ جێ دەهێڵێت! واتە ئەوەی من لەم نووسینەدا تۆخی دەکەمەوە، لەلایەک ئەو فەزا ئاسۆییەیە، کە مرۆڤ و کەس و سوبێکت لە ئارەزووی جەستەدا دەیبینێ و بەیەک هەناسە دەیانخوێنێتەوە، لەلایەکی دیکەوە شۆڕبوونەوەیە بەرەو بابەتی ژیری و خێرایی وەک زانستی تەکنۆلۆژیا و جێهێشتنی ئارەزووەکانی سوبێکت..

لێرەدا بەرانبەر گوتەزای سوبێکت چەند زمان بزانێت، ئەوەندە کەسەیە.. ئاڵای سپی داهێنانی (زمان سوبێکت نییە) بەرز دەکەینەوە، بەڵام نەک بە مانای دژبوونەوە، بەڵکوو بەو مانایەی کە سوبێکت سەرگەورەی زمان نییە، بەو مانایەی کە زمان بەندەواریی قبووڵ ناکات، بە کورتی دەمەوێ بڵێم زمان، دانووسانی جیاوازی و نائاگاییە. بە دیوەکەی دیکەشدا ئاماژە بە خێرایی بیرکردنەوە و زیرەکیی دەستکرد دەدەم، چونکە داهێنانی زانستی تەکنۆلۆژیا ئارەزووەکانی سوبێکت دەخاتە سەرسامییەوە.

لەماڵی سوبێکتدا قبووڵکردنی جیاوازی دەبێتە ئامانجی زمان، نەک ڕەتکردنەوە، بەڵام جیاوازییەک، کە لە پێناو گۆڕانکاری و سەیرووره و داهێنانی بەردەوامدا بێت، نەک لە پێناوی پەرگیری و چەسپاندندا.


لەبەرانبەردا نائاگایی بۆ جیاوازی هیچ نییە، بێجگە لە بەدیهێنانی ئامانجی ئازادی نەبێت، کەواتە ئازادی وەک دانووسانی نائاگایی و جیاوازیی بۆ داهێنان پێویستە، وەک چۆن گۆڕانکاری و

سەیرووره و داهێنانی بەردەوام، بوونی سوبێکت بەرهەم دەهێننەوە، بەڵام لە ماڵی زیرەکیی دەستکرددا خێرایی و ژێری سەرگەورەی جیاوازین.

## دیالێکتیکی نائاگایی و ئەوی دیکەی غەریبە

لە عەقڵانیەتی دیکارتیدا سوبێکت بکەرە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا دەمەوێ سوبێکت لە دانووسانی ئازادانەی نائاگایی و زەروورەتی ئەوی دیکەی غەریبەدا تۆخ بکەمەوە. لێرەدا لە پرۆسیسەکردنی سوبێکتدا نائاگایی و ئەوی دیکەی غەریبە، خودی خۆیان دەخەنە دەرەوەی سوبێکت، بۆ ئەوەی وەک خودێکی نامۆ دژ بە پەڕگیری و چەسپان، ئازادیی خۆیان پراکتیزە بکەن. بەخۆنامۆبوونی نائاگایی و ئەوی دیکەی غەریبە نزیکایەتییەک لەگەڵ بیرکردنەوەی هیگڵیدا دادەمەزرێنن، وەک وێناکردنی مانگا سوورەکە لە شەوێکی ڕەشدا، یان خونچە بۆ ئەوەی خۆی بناسێ، پێویستی بەوە هەیە ببێت بە گوڵ، واتە هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی چەمکی (نەفی نەفی هیگڵییەوە) چەمکی (سوبێکتی داماڵراو لە بکەرێتی)شی بکەمەوە، کە پاشان لە ڕێگەی دیالێکتیکەوە (نائاگایی و زەروورەتی خێرایی و ئەوی دیکە غەریبە) بە ئامانجی ئازادیی خۆیان دەگەن.

بە کورتی دەمەوێ بڵێم: سوبێکت ناتوانێ لە ڕێگەی داگیرکردنەوە، چەمکی بکەرێتی قۆرخ بکات! نەک لەبەر ئەوەی پێکهاتەی سوبێکت نائاگایی و ئەوی دیکەیە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی سوبێکت بەرجەستەکردنی دۆخێکە، کە نائاگایی و ئەوی دیکەی غەریبە تێیدا بیر لە ئازادی دەکەنەوە! لێرەوە لەبەرانبەر پێکهاتەکانی (سوبێکتی داماڵراو لە بکەرێتی) کە نائاگایی و ئەوی دیکەی غەریبە دەناسێنێت، قەناعەتهێنان بە تێزی (زمان لە نائاگایی ڕسکاوە)ی ژاک لاکان



هیگڵ

هەر قەناعەتهێنان نییە بە (مانگا سوورەکەی هیگڵ لە شەوێکی ڕەشدا، یان خونچە بۆ ئەوەی خۆی بناسێ، پێویستی بەوە هەیە ببێت بە گوڵ)، بەڵکوو قەناعەتهێنانە بە ئازادییەکانی زمان و ئازادییەکانی ئەوی دیکەی غەریبە و خێراییەکانی سەردەم، بۆ ئەوەی (زمان) ئازادییەکانی خۆی و خێرایی بناسێنێ، دەبێ لە نائاگاییەوە بەرەو ئاگایی و سەیرووره و گۆڕانی بەردەوام و داهێنان و نەوەستان بێتەوە. بۆ ئەوەی ئەوی دیکەی غەریبە ئازادییەکانی بگەشێنێتەوە، پێویستە لە وێناکردنی فەنتازی و سەرگەورەیی ئیگۆیانەی خۆی بێتە دەرەوە و خۆی نەک وەک پەڕگیر، بەڵکوو وەک دالێکی (جیاواز) بناسێنێتەوە.

بنەمای خاڵی یەکەمی ئەو لێکدانەوەیە ئەوەیە، کە هەرگیز (زمان وەک نائاگایی) لە دۆخی داهێنان ناوەستێ و بەردەوام هەنگاوی خێرا بەرەو گۆڕان و سەیرووره دەنێت، بنەمای خاڵی دووەم ئەوەیە، کاتێک ئەوی دیکەی غەریبە (لای ژاک لاکان) لەگەڵ زمان هاوسەنگ دەبێت، هەڵبەتە مەبەست لە ئەوی دیکەیەکە، کە سەرگەورەیی

فریودەرانــەی، یــان پەرگیــری و بنبەســتبوونی تێپەڕانــدووە و پردێکــی خێرایــە بــۆ قســەکردن لەگــەڵ (ئــەوی دیکــەی جیــاواز)، بــەو مانایــەی کــە قســەکردن ســەرچاوەکەی ئیگــۆ نییــە، تەنانــەت خودیش نییــە، بەڵکوو ئــەوی دیکــەی جیــاوازە. بــەو مانایــەش چەمکــی ئــەوی دیکــەی غەریبــە (جیــاواز) وەک بنەمــای ســەرەکی پێکهاتــەی ســوبێکت هەڵگری گریمانــەی نەبوونییــە و نزیکایەتــی لەگــەڵ نائاگایــی زمــان تۆختــر دەکاتــەوە.

بــۆ پڕکردنــەوەی بۆشــاییەکانی ئــەو دوو خاڵــە لــە گریمانــەی نەبوونــی، پشــت بــە قســەیەکی (فرۆیــد) و ئەزموونــی نەبوونییــەوە دەبەســتم، لــە بــارەی پێوەنــدی دایــک و بــاوک و منــداڵ، کــە دەڵێــت: منــداڵ ئــەو کاتــە دایــک بەبــێ هێــز دەبینێــت، کاتێــک دەبینێــت چووکــی نییــە! دایــک لــەو بینینــەدا وەک ئەزموونــی نەبوونــی دەلالــەت لــە نائاگایــی زمــان دەکات و لەلایەکــی دیکــەوە هەنگاونانــی خێــرای منداڵــە بــەرەو گرێــی ئۆدیــب، (واتــە مەیلــی گەڕانــەوەی کــچ بــۆ بــاوک و کــوڕ بــۆ دایــک)، بۆیــە هەمیشــە منــداڵ لــەو ئیمکانــەی کــە لای (دایــک/ بــاوک) بەدەســتی ناهێنێــت، دەسڵەمێتەوە! لەبەرانبەر ئــەوەدا نائاگایی زمــان لە ئاکینجەبوونــی کاتــی ســوبێکت لــە ماڵەکــەی خۆیــدا (لــەو ئیمکانــەی کــە لــە مــاڵ بەدەســتی ناهێنێــت) سڵ دەکاتــەوە.. کەواتــە ئەگەرچــی نائاگایــی زمــان و ئــەوی دیکــەی جیــاواز پێکهاتــەی ماڵــی کاتــی ســوبێکتن، بــەڵام ئێمــە ناتوانیــن ســوبێکت (لــە ماڵــی خۆیــدا) بــۆ ئــەوی دیکــەی غەریبــە و نائاگایــی زمــان هەڵوەشــێنینەوە؟!، چونکــە ئــەو پێکهاتانــە وەک ڕوونمــان کــردەوە بــەردەوام بوونــی خۆیــان لــە ئازادیــدا پراکتیــزە دەکــەن و بەندایەتــی ڕەت دەکەنــەوە.

بــە گشــتی زمــان ســوبێکت نییــە، یــان ناتوانرێــت ســوبێکت بێــت! چونکــە زمــان وەک غەریبــە، یــان وەک نائاگایــی، کردەیــە، بــەڵام ســوبێکت کارایــە، ســوبێکت فــڕێ دراوەتــە نێــو نائاگایــی ڕووتــی زمان و جیاوازییــەوە، بــەڵام نائاگایــی زمــان لــە کار و کارا تێدەپەڕێنــێ و کردەیــە، نــەک لەبــەر ئــەوەی زیندوویەتــی خــۆی بــەردەوام لــە بەرهەمهێنانــەوەی کەلێــن و بۆشــاییدا دەبینێتــەوە، یــان لەبــەر ئەوەی بــەردەوام وەک کــردە لــە ئەزموونــی نەبوونــی ڕاســت دەبێتــەوە، بەڵکوو لەبــەر ئــەوەی بــە مانــا لاکانییەکــەی ســوبێکت ڕیاڵــە و زمــان ڕەمــزە.

دەشــێ ڕیــاڵ بکەوێتــە نێــو کار و کاراوە، بــەو مانایــەی کــە ژیانــی تایبەتــی هەیــە، بــەڵام ڕەمــز دەکەوێتــە نێــو خــەون و خەیاڵــی نەزانــراوەوە و خاوەنــی هیــچ گریمانــە و پێشــنیارێکی دیاریکــراو نییــە، بۆیــە ســوبێکت دەتوانێــت نزیکایەتیکردنــی ئــەوی دیکــەی غەریبــە (لــە ماڵــی خۆیــدا) بێــت، یــان نزیــک زمــان بێــت، لــە نــاوەوەی خۆیــدا، بــەڵام لــە بنەڕەتــدا غەریبــە و نائاگایــی وەک زمــان بــۆ ســوبێکت خــەون و خەیاڵــی نەزانــراون، چونکــە بەنــدەواری ســوبێکت نیــن. لای فرۆیدیــش خــەون بنیادێکــی ڕەمــزی هەیــە. غەریبــە و نائاگایــی وەک خــەون و خەیــاڵ هەردووکیــان زمانێــک لەخــۆ دەگــرن، کــە یاســا و ڕێســای گــۆڕان و ســەیروورە لــە ڕێگــەی ئازادییــەوە پرۆسیســە دەکــەن و لەوێشــەوە وەک کارفرمــای ڕەمــزی دێنــەوە.

زمــان غەریبەیــە و ســوبێکت نییــە! زمــان دایکــە لــە نائاگایــی منداڵــدا، بۆیــە منــداڵ (لــە گرێــی ئۆدیبــدا) بــەردەوام خــەون بــەو ئیمکانــەوە دەبینــێ، کــە لــە واقیعــدا دەســتی نایگاتــێ، کەواتــە زمــان بوونێــک نییــە، لــە ماڵــی خۆیــدا، چونکــە ماڵــی بــوون قەڵەمــڕەوی ســوبێکتە و ســوبێکت هیــچ بەشــێکی لــێ دەرناهێنرێــت. ســوبێکت ڕیاڵــە و هەمیشــە ڕیــاڵ لەنــاو شــوێنی خۆیدایــە. شــوێنی ڕیــاڵ ماڵــی

سوبێکته، بەڵام زمان بوونێکی ڕووتی بێ ماڵ و کۆچەری (لە خەیاڵ و خەونی سوبێکت)دا فەراهەم دەکات.

زمان وەک بوونی بێ ماڵ و کۆچەری بەردەوام نیگەرانی ئیمکانەکانی لە دەستدانی ئەو خەون و خەیاڵەیە، بۆیە هەمیشە ژیانی مەرگی خۆی هەڵگرتووە. زمان و نائاگایی بوون (بە بوون)ی ئەوی دیکەی غەریبە لە خەون و خەیاڵی سوبێکتدایە، نەک لە ماڵی سوبێکتدا. لەبەرانبەر ئەوەدا سوبێکت وەک ڕیاڵ ناتوانرێت بەشێک بێ لە زمان و ئەوی دیکەی جیاواز. ئەوە زمان و ئەوی دیکەی جیاوازە هەمیشە وەک ڕەمز دەیانەوێ شوێنی ڕیاڵ بگرنەوە و هەرگیز ناتوانن! چونکە چەمکی ئازادی لە چەمکی چەسپان باڵاتر دەبینن. لەو حاڵەتەشدا زمان و ئەوی دیکەی جیاواز بۆ سوبێکت تەنیا خەون و خەیاڵن و هیچی تر.

کاتێک جیاوازی و زمان (غەریبە - نائاگایی) لە جێگیربوونی کاتییانەی بوونی خۆیاندا وەک (دراوسێیەکی کاتی) هەنگاو بەرەو (بوون بە) دەهاوێژن و بەردەوام لە بوونی جێگیر دەچنە دەرەوە بۆ بەخێرهێنانی ناسنامەی مەرگی ئازادانەی خۆیان لە خەون و خەیاڵدا، یان کاتێک لەسەر دواخستنی مەرگی ئازادانەی خۆیان بەردەوام دەکەونە نێو خەون و خەیاڵەوە، ئەوە دەسەلمێنن کە سوبێکت بوونی خۆی لە پێناو خێرایی خۆیدا نییە، بەڵکوو دەمێک گێڕانەوەی تەنیاییە و دەمێک گێڕانەوەی پێکەوەبوون و ئاشنابوونە بە زمان و جیاوازی.

لێرەدا سوبێکت جارێک دەبێتە خانەخوێی داهێنانی زمان و جارێک دەبێتە بارمتەی جیاوازی. یاریکەری سەرەکی لەنێوان گێڕانەوەی تەنیایی و گێڕانەوەی پێکەوەبوون (کات و ئازادی)یە، بەڵام سوبێکت نازانێت کات چی دەکات و ئازادی بەرەو کوێی دەبات. لەبەرانبەریشدا بەردەوام زمان و جیاوازی لە دەریای (کات و ئازادی)دا ون دەبن و سەرئاو دەکەونەوە.

## زمان و جیاوازی
## کاتی بەخێرهێنانی داهێنان

زمان و جیاوازی، کاتی بەخێرهێنانی خەون و خەیاڵی سوبێکتن. کاتێک زمان و جیاوازی لە داهێنانی بەردەوام و جیاوازی خەون و خەیاڵ دەکەون، ئیتر داهێنان دەبێتە تەنیایی زمان و سەرئاو دەکەوێت. جیاوازیش خەون و خەیاڵی داهێنان لە گێڕانەوەی پێکەوەبوون ون دەکات، کەواتە زمان و جیاوازی لە خەون و خەیاڵی سوبێکتدا بە جیهانمان دەناسێنێت و لە هەمان کاتدا جیهانمان لە خەون و خەیاڵدا بۆ نمایش دەکاتەوە، لەوێوە سەرئاوکەوتنی سوبێکت لە داهێنان و ونبوونی سوبێکت لە خەون و خەیاڵدا دەناسینەوە.

سوبێکت کەوتووەتە نێو نائاگایی ڕووتی زمان و جیاوازییەوە، هەر نائاگایی زمان و جیاوازیشە خەیاڵی داهێنان لە سوبێکتدا دەوروژێنێ، کەواتە بنەمای سەرەکی خەیاڵی ئەدەبی نائاگایی زمان و جیاوازییە و هەمیشە جیاوازی و نائاگایی زمان پرۆسەی داهێنان لە پێوەندییەکی زیندوودا بنیاد دەنێتەوە. بە دیوەکەی دیکەدا سوبێکت (وەک سیستمی فەنتازی فریودەر، یان وەک سوبێکتی بچووک) دەتوانێت خۆی لە سەرئاوکەوتن و ونبوون لابدات، دەمەوێ بڵێم ئەوەی لەو شیکردنەوەیەدا بەشدارە بە مانا لاکانییەکەی ئەو بەشەیە لە سوبێکت کە سوبێکتی بچووک نییە، بەڵکوو سوبێکتی گەورەیە!

پرسیارە بنەڕەتییەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە

ئەوەیە: ئایا (جیاوازی) و (زمان) ماڵی بوون بنیاد دەنێن، یان داهێنان؟! ئەگەرچی (زمان و جیاوازی و داهێنان) هەر یەک ئەوی دیکە پڕ دەکاتەوە، بەڵام هەمیشە زمان و جیاوازی لە گۆڕانی بەردەوام و سەیروورەدان و داهێنان جێگیربوون و چەسپانی کاتی دەنەخشێنێت، گۆڕانی بەردەوام و سەیرورە ماڵیان نییە و کۆچەرین، بەڵام جێگیربوون و چەسپانی کاتی لە دۆخی بێ ماڵیدا بەدی نایەن، بەو مانایەش زمان و جیاوازی گێڕانەوەی تەنیایی و گێڕانەوەی پێکەوەبوون بەیەکەوە دەگونجێنن، بەڵام داهێنان گێڕانەوەی پێکەوەبوون دەچەسپێنێ، کەواتە سوبێکت لەلایەک وەک خانەخوێی داهێنان و لەلایەکی دیکەوە وەک خانەخوێ و بارمتەی زمان و جیاوازی خۆی یەکلانەکردووەتەوە. دواجار زمان و جیاوازی لەلایەک کاتی بەخێرهێنانی پێکەوەبوون و مەرگی جێگیربوونە، لەلایەکی دیکەوە کاتی بەخێرهێنانی سەیروورە و تەنیاییە، یان ڕوونتر لە یەک کاتدا بەخێرهێنانی داهێنان و بەخێرهێنانی سەیرورەیە.

سوبێکتی داهێنەر بە زمان بیردەکاتەوە، داهێنانی جیاواز بەرهەم دەهێنێ و پارێزگاری و پاسەوانی لە ماڵی پێکەوەبوون دەکات، بەڵام زمان و جیاوازی لە حاڵەتی گۆڕانی بەردەوام و سەیروورە و نائاگایی و غەریبی و کۆچدان. لەلایەک داهێنانی جیاواز جێگیربوونی کاتی و دڵنیایی دەبەخشێت. لەلایەکی دیکەوە زمان و جیاوازی بەرەو گومان و نەزانراو هەنگاو دەنێن، بەو مانایەش ماڵی بوون لەنێوان زمان و جیاوازی، داهێنان و سەیروورە، کۆچ و جێگیربووندا، دەکەوێتە لەرزەوە، بەڵام لەبیرمان نەچێت هەمیشە (ماڵ) جێگیربوون دەنەخشێنێت، ئەگەرچی کاتیش بێت. هەمیشە (کۆچکردن)ی بەردەوام لە هەنگاونان بەرەو نەزانراو زیندووە.

بێگومان تەنیایی داهێنان لە جیاوازی پێکەوەبووندا ئامادەیی هەیە، بەڵام کۆچکردن وەک گومانکردن لە نیشتەجێبوونێکی کاتیدایە، بێ ڕابوردوو و بێ داهاتووە! لەو ئاکنجیبوونە کاتی و کۆچەدا وێنەی ماڵێک نمایان دەکرێت، کە بەردەوام سنوورەکانی کات و شوێنی لە گۆڕاندایە. بەو مانایەش زمان وەک داهێنان لە هەموو کات و شوێنێکدا بوونی تەنیایی خۆی لە پێکەوەیی جیاوازی بووندا دەنوێنێ، بەڵام هەر کاتێک پێوەندیی نێوان (ڕیاڵ) و (ڕەمز) نەما، هەر کاتێک (جیاوازی) لەگەڵ (زمان) پێوەندییان تێکچوو، ئەوە بۆشایی داهێنان دروست دەبێت، ئەو بۆشاییە هەر تەنیا هەستکردن بە ئەزموونی نەبوونی و تەنیایی و نامۆبوون و غەریبی نییە، ئەو بۆشاییە هەر تەنیا بەرهەمهێنانەوەی نەبوونی نییە، بەڵکوو هەستکردنە بە مەرگ، مەرگیش تەنیا بە بوون، بە جیاوازی و زمان پڕ دەبێتەوە.

## زمان و جیاوازی
## ئازادی و گۆڕان

زمان و جیاوازی لە ئەوی دیکە و نائاگاییەوە سوبێکت دادەهێنێتەوە، بەڵام ئازادی و گۆڕان لە تەنیایی و نامۆییەوە بەرهەمی دەهێنێتەوە. پێوەندی زمان و جیاوازی لە داهێناندایە. پێوەندی تەنیایی و نامۆیی لە سەیروورەدا زیندووە، کەواتە بەردەوام داهێنان دەبێتە پردی پەڕینەوەی گۆڕان و سەیروورە. هەمیشە ئارەزووی داهێنان پردێکە بێ ئەوەی هیچ تواناییەکی نێگەتیڤێتی لەخۆدا هەڵگرتبێت، بە دیوەکەی دیکەدا بێ ئەوەی بتوانێت خۆی لە بۆشاییەکان بدزێتەوە؟!

دەمەوێ بڵێم لەنێوان ئارەزووی داهێنان و

سەیرووڕەدا بۆشاییەک (پردێک) هەیە، بۆشاییەک، پردێک کە هەم زمانە و هەم گۆڕان، بە مانایەکی دیکە پانتایی بەرفرەوانی داهێنانەکانی ئەو (پردە/ بۆشاییە) لەپشتی پانتایی بەرتەسکی سەیرووڕەوەیە. خودی ئەو هێڵکارییە جۆرێکیشە لە ئیستیفزاز و ئارامی هەڵگرتن لە سوبێکت لەو پانتاییە بەرفرەوانەی داهێنان و بەرتەسکەی سەیرووڕەدا. ئەو هێڵکارییە سوبێکت دەخاتە نیگەرانییەوە، ئەو هێڵکارییە سوبێکت بۆ گۆڕانێک هاندەدات، کە هەر تەنیا پاراستنی سیستمی زمانی لەخۆ نەگرتووە، یان هەر تەنیا ڕووتکردنەوەی خەیاڵی زمان نییە، بەڵکوو ویستی شیکردنەوەی پرد و بۆشاییشە.

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا بۆشایی و پردی داهێنان و سەیرووڕە هیچ وزەیەکی بۆ خراپبوون و زیانگەیاندن بە سوبێکت نییە، ڕاستە هەمیشە ویستی شیکردنەوەی سوبێکت و بۆشاییەکانی سوبێکت دەوروژێنێ. لەبەرانبەریشدا سوبێکت توانایی شیکردنەوەی پرد و بۆشاییەکانی سیستمی زمان وەک نێچیرێک بۆ ژیری و زیرەکیی دەستکرد دەردەخات و هەر هێندەشی لەدەست دێت، ڕووتوقووتیی زمان و خەیاڵی بێبەرگری سەیرووڕە نیشانی ژیری و زیرەکیی دەستکرد بدات! بەڵام وەک دەردەکەوێت ژیری و زیرەکی دەستکرد بەردەوام پێشوازی لە بەرهەمهێنانەوەی خەیاڵی بۆشاییەکان و ڕووتی و سەیرووڕە سامناکەکەی خەیاڵ دەکات! بەو مانایەی کە زمان و جیاوازی لە داهێنانی ئەدەبیدا لە هەموو پرد و بۆشاییەکان، لە هەموو ڕووتییەکان سەرنجڕاکێشتر خۆیان دەنوێنن، بەڵام ئازادی و گۆڕان و سەیرووڕە لە زیرەکی و ژیری مەحاڵتر پیادە دەکرێن.

بنەمای سەرەکی داهێنانی خەیاڵی ئەدەبی نائاگایی زمان و جیاوازییە، بە دیوەکەی دیکەشدا ئەوە خەیاڵی زمانی ئەدەبی و داهێنانە ڕووتی و گۆڕان و سەیرووڕەی بەردەوام لە جەنگی بۆشایی و پردی خەیاڵدا کۆ دەکاتەوە. ئەوە خێرایی و جەنگی بۆشاییە پتر لە مەحاڵ بڵاو دەبێتەوە! پردی خەیاڵ و جەنگی بۆشایی خانەخوێی داهێنان و بارمتەی جیاوازین، یان گێڕانەوەی تەنیایی و گێڕانەوەی پێکەوەبوونن.. هەمیشە لە کۆی گۆڕانکاری و پرۆسەکانی داهێناندا ئاشتەوایی دەخەنەوە، پێچەوانەی ڕاگەیاندنی جەنگ دژ بە پەرگیری و چەسپان و ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکەی جیاواز، کە بە ناوی پاراستنی داهێنانی دادپەروەرانە، هەندێک جار لە بوارەکانی زیرەکیی دەستکردا دەیانبینین.

خانەخوێیی و بارمتەیی، تەنیایی و پێکەوەیی، بەر لەوەی بە پردی خەیاڵ و جەنگی بۆشاییەوە بەرەو گۆڕان و سەیرووڕە هەنگاو بنێن، بەرلەوەی ڕوخساری داهێنان و گۆڕان لە پرد و بۆشاییدا بچەسپێن، بەرلەوەی جیاوازی و خەیاڵی زمان وەڵامی پرسیارەکانی پردی چەسپاوی داهێنان بداتەوە و بۆشایی بکەوێتە بۆشاییەوە، بۆشایی بکەوێتە لێسەندنەوەی گەیاندن و دواتر بۆشایی بکەوێتە لێسەندنەوەی بۆشاییەوە، پردی خەیاڵ بەخستنە نێو جەنگێکی دیکەی بۆشاییەوە بەرەو گۆڕانکاری و داهێنانێکی دیکەی جیاواز دەبێتەوە!

کەواتە تەنیا لە گۆڕاندا داهێنانی جیاوازیی مومکینە، تەنیا لە سەیرووڕەدا ڕووتبوونەوەی زمان مومکینە، بەڵام هەر چۆنێک بێت سەیرووڕە ڕوخساری چەسپاوی داهێنان ناخاتە جەنگی بۆشاییەوە، بەرلەوەی سەیرووڕە جەنگی بۆشایی ببینێت، لە پردی خەیاڵدا ڕووتبوونەوەی زمان (داهێنان) لە ئامێز دەگرێت و لەگەڵ یەکتریدا

دانووسـان دەکـەن و ڕوخسـاری یەکتـری بەرهـەم دەهێننـەوە.

## پردی خەیاڵ و جەنگی بۆشایی لە ڕووتبوونەوەی زماندا

لـە برگەکانـی پێشـوودا ڕوونمـان کـردەوە، کـە بۆچـی سوبێکت لـە جەوهـەردا زمـان نییـە، ئەگەرچی بـاس لـە جۆرێـک لـە مـرۆڤ بکرێـت، کـە پتـر مەبەسـت لێـی ئـەو کەسـەیە، کە نیشـانەی ناسراوی ژیـری و زیرەکـی هەڵگرتـووە! یـان واپێدەچێـت بـۆ سـوبێکتی داهێنـەر پرسـیارەکان جۆرێکـی تـر بـن، ئایـا ئارەزووەکانـی جەسـتە دژ بـە زیرەکـی و ژیریـی دەسـتکرد، پـردی خەیـاڵ و جەنگـی بۆشـاییەکان و نائاگایـی ڕووتـی زمـان بـە نیشـتمانی خۆیـان دەزانـن؟!

لـە سـەرەتادا بـا دوو مۆدێلـی جیـاوازی (ئـارەزووی جەسـتە لـە خەیاڵـی ئەدەبیـدا) و (خێرایـی زانیـاری لـە زانسـتی تەکنۆلۆژیدا) بـەراورد بکەیـن: **یەکەمیـان**، وەک داهێنانـی ئەدەبـی و شـانازییەک بـۆ خەیاڵـی نائاگایـی ڕووتـی زمـان، بـە هـۆکاری ئـەوەی کـە لـە بـواری ئەدەبیـدا مەلـەی سـوبێکتی داهێنـەر لـە دەریـای نائاگایی ڕووتـی زمـان تا قووڵتـر بێت، نرخی ونبوونـی سـوبێکت لـە داهێنانـی ئەدەبیـدا بەرزتـر دەبێـت. **دووەمیـان**، تـا زانیـاری بـە خێراییەکـی کەڵەکەکراوتـر لـە زانسـتی تەکنۆلۆژیـا دەرکەوێـت، زیرەکیـی دەسـتکرد، سـوبێکتی دەسـتکرد باڵاتـر دەبێـت، بە مانایەکـی دیکـە ئـەو هێـزەی زیرەکیـی دەسـتکرد بانگـی بـۆ دەدات، هەمـان وزە متبووەکانـی ئـارەزووی جەسـتە نییـە، ئەگەرچـی داهێنانـە، بـەڵام داهێنانـی زیرەکیـی دەسـتکرد نەپۆشـراوە، داهێنانـی زیرەکیـی دەسـتکرد لەسـەر خێرایـی و لۆژیـک ڕادەبێتـەوە.

بـە گشـتی داهێنـان نـە سیسـتمێکی چەسـپاوی هەیـە و نـە هەڵبژاردنێکـی پێشـنیازکراو. لـە مێـژووی سـوبێکتدا داهێنـان لـە هەوڵێکـی خـودی وسـبەلێکراو و داپۆشـراوەوە بـەرەو ئۆبێکتـی دیـار و دانەپۆشـراوە دەچێـت، وەک چـۆن خەیاڵـی جوانـی ناتوانـێ لـە مرۆڤدۆسـتی و جیـاوازی دەرنەکەوێـت. ئـارەزووی جەسـتەش (لەگـەڵ هەمـوو جیاوازییـەکان)دا ناتوانـێ لـە زانسـتی تەکنۆلۆژیـادا دەرنەکەوێـت، خەیـاڵ بەرهەمهێنـەری خەیـاڵ و زانیارییـە، داهێنـان داپۆشـین و دانەپۆشـینە و دەبێتـە خەسـڵەتی کۆبوونـەوە و بڵاوبوونـەوە. لـە داهێنانـی ئـارەزووی خـودی جەستەدا کۆبوونـەوە لـە ڕووتبوونەوەدایـە. لـە داهێنانـی زیرەکیـی دەسـتکرد و ڕۆبۆتەکانـدا بڵاوبوونـەوە لـە ڕووتنەبوونەوەدایـە. **یەکەمیـان** وەک فرۆیـد دەیگـوت بنەمـای ژیارییـە، **دووەمیـان** بانگـی بڵندگەراییـە.

کەواتـە ئـەوە سـوبێکت و ئۆبێکتـە، ڕووتبوونـەوە و ڕووتنەبوونـەوە، ئـارەزووی جەسـتە و زانسـتی تەکنۆلۆژیـا، ئاراسـتەی جووڵـە جیاوازەکانـی ژیـان دەنرخێنـن، بـەڵام ئـەو دوو دیـدە جیـاوازەی لـە خەیـاڵ و خێراییـدا دەبینرێـت، چییـە؟ بێگومـان ئـەوەی وا لـە سـوبێکتی داهێنـەر دەکات، لـە ڕێگەی خەیاڵـی ئەدەبییـەوە خـۆی لـە ژانوژوارەکانـی واقیع بدزێتـەوە، چێـژی ئەدەبییـە، یـان جەنگـی بـە سـوبێکتبوونە لـە بۆشـاییەکانی خەیاڵـی زمانـدا، بـەو مانایـەی کـە سـوبێکت فـڕێ دراوەتـە نێـو خەیاڵـی ڕووتـی زمانـەوە، بـەڵام دۆخـی زیرەکیـی دەسـتکرد جیـاوازە، پێگـەی خێرایـی دەسـتکرد و نەپۆشـینی زانیارییـەکان بـەو واتایـە خـۆی دەنوێنـێ، کـە هەمیشـە هـاوکار و هاوپەیمانـی خەیاڵـی داهێنـان (بەگشـتی)یە، بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ، یـان ناڕاسـتەوخۆ یارمەتیـی گـەورە و درێژخایـەن بـە داهێنـان دەبەخشـێت، کەواتـە وەک ئاماژەمـان بـۆ کـرد، زیرەکیـی دەسـتکرد لـەو هێـزە ناچێـت، بـێ سـڵ کردنـەوە پـردی خەیـاڵ

و ململانێــی بۆشــاییەکان بــە گــۆڕان و داهێنــان و ســەیرووڕەوە ڕابماڵێت! دەمەوێ بڵێم زیرەکیی دەستکرد هێزێکی تێکدەر نییە، بەڵکوو بەشێکی گــەورەی ســوودگەرایی و ئاڵوگــۆڕی و چێــژی لــە خــۆدا هەڵگرتــووە، بــەڵام هەمیشــە ســوبێکت لەبەرانبەر ڕۆبۆتدا نیگەرانە و لە مەرگی خۆی هەڵدێت!

## بۆشاییەکانی سوبێکت
## زیرەکیی دەستکرد

هەرگیز بۆشاییەکانی سوبێکت لەبەرانبەر زانستی تەکنۆلۆژیادا بەو مانایە نییە، کە خەیاڵی زمان و سەیرووڕەی داهێنان لە پاشەکشەدان، بەڵکوو بەو مانایەیە کە چیتر سوبێکت لە زانینی چەند زانیاری و زمانێکەوە کەسایەتی خۆی ناپێوێ! چیدی سوبێکت وەک هێزێکی سەرووی مەعریفەی زانراو بە تەنیا کردەی ڕەمزی نانوێنێت و چێژ و خۆشی نابینێت، بەڵکوو بەردەوام لە دۆخی سەیرووڕەی جیاواز و خەیاڵی داهێنان و خێرایی و لۆژیک و سەرسامیی بەرهەمهێنراودایە.

سوبێکت وەک داهێنان بەرهەمهێنەری زانیاری و چێژە. زانستی تەکنۆلۆژیا کۆگەی زانیاری لۆژیکی و چێژە. لە سوبێکتدا داهێنان بەردەوام پێوەندیی لەگەڵ بیرکردنەوە و چێژدا بەرهەم دەهێنێتەوە.. لە زیرەکیی دەستکرددا زانیاری لۆژیکی کۆگەکراو سوودگەرایی و چێژ بەرهەم دەهێنێتەوە. چێژی داهێنانی خودی سوبێکت هەست و خۆشی دەورووژێنێت، چێژی زانستی تەکنۆلۆژیا لە خێرایی و سەرسوڕهێناندایە. **یەکەمیان** ڕووی ئاواکاری لە وێرانکاری پترە. **دووەمیان** ڕووی ئاواکاری و وێرانکاری لە یەکەوە نزیکە. **یەکەمیان** خەسڵەتی کۆبوونەوە و جێگیربوونی چێژ پەیڕەو دەکات. **دووەمیان** خەسڵەتی بڵاوبوونەوە و دابەشبوونی چێژ دەنوێنێت، بەم جۆرە ئەگەر **یەکەمیان** پیاوسالارانە بکەوێتەوە، ئەوە **دووەمیان** ژنسالارانەیە.

کەواتە چێژی کۆبووەوەی خەیاڵی داهێنان و چێژی بڵاوبووەوەی خێرایی زانیاری، بە پلەی یەکەم لە مۆراڵی ئەدەبی و مۆدێلی زانستیدایە، یان بە مانای شیکاری دەروونی لە (ڤالووس/ خەسان)دایە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە، چەندێتیی چێژ و چۆنێتیی بیرکردنەوە دەکەوێتە کوێی پیاوسالاری و ژنسالارییەوە؟

وەک گوتمان سوبێکت لە دۆخی (پیاوسالاری) دا وەک خانەخوێی ژن و خانەخوێ و بارمتەی جوانی و جیاوازی خۆی یەکلانەکردووەتەوە، ئەو یەکلانەکردنەوەیە وەک گۆڕانکاری بەردەوام لە دۆخی (ژنسالاری)دا بەرەو خێرایی دابەشبوونی چێژ و بڵاوبوونەوەی بیرکردنەوە دەچێت، واتە بەردەوام پیاوسالاری و سەیرووڕە بەرەو ژنسالاری و خێرایی و لۆژیکی زیرەکی هەنگاو دەنێت، کەواتە کۆی ئەو یەکلانەکردنەوەیەی لە پیاوسالاریدا کۆبووەتەوە، هەر تەنیا گومان لە سوبێکت ناچێنێت، بەڵکوو وەک تیغێکی دووسەرە گومان و توندوتیژی لێ دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەشدا ژنسالاریش لە توانایی بەرهەمهێنانی گومان و توندوتیژی بەدەر نییە.

بە کورتی ئەوە خەیاڵ و جیاوازییە لە ڕووە ئاسۆیییەکەیدا بنەمای چێژ و ئاستی داهێنان لە سوبێکتدا دیاری دەکات. وەک چۆن لە ڕووە ستوونییەکەیدا گۆڕان و سەیرووڕەی بەردەوامی تێدا دەورووژێنێت. لە هەردوو ڕووی ستوونی و ئاسۆییدا سوبێکت و ڕۆبۆت سەر بە خێرایی و لۆژیک و چێژن. ئاستی خێرایی ڕۆبۆت بەرفرەوانترە لە ئاستی خێرایی سوبێکت، بەڵام لە دۆخی ململانێ و هێرشبردن و پارێزگاریکردندا

هەمیشە سوبێکت پشت بە نائاگایی ڕووتیی زمان و جیاوازی دەبەستێت، کەچی ڕۆبۆت بە خێرایی زانیاری بیرکردنەوەی لۆژیکی ناسراوە، کەواتە هەمیشە لەبەرانبەر چێژی خێرا و بڵاویی ڕۆبۆتەکاندا، چێژی خەیاڵی داهێنانی ئەدەبی و هونەری کۆمان دەکاتەوە.

گۆڕان و سەیرورەی خەیاڵی داهێنان و زانستی تەکنۆلۆژیا لە دوو ئاستدا ئامادەی- نائامادەن. خەیاڵی داهێنان وەک چێژی داهێنان (پارێزگاری) دەکات. زیرەکیی دەستکرد وەک خێرایی زانیاری و لۆژیکی بیرکردنەوە (هێرش) دەکات. ئەوەی (خەیاڵی داهێنان) لە (زانستی تەکنۆلۆژیا) جیادەکاتەوە کاتی خێرایی و مۆراڵی جیاوازییە! ئەوەی (خەیاڵی داهێنان) لە (زانستی تەکنۆلۆژیا) جیادەکاتەوە چەمکی جێگیربوون و دابەشبوونە، بەڵام خەیاڵی داهێنان و درێژکراوەکەی (زیرەکیی دەستکرد) نە کاتی بە دەست کەسەوە هێشتووەتەوە و نە مۆراڵ، نە جێگیربوون و نە دابەشبوون، زیندەگی لە زەمەنی خەیاڵی داهێنانی خێرا و درێژکراوەکەی لە جەنگدایە و جەنگیش چێژ و خۆشی ناس ناکات. جەنگ نە (کات) دەناسێ و نە (ئەخلاق)ی هەیە. بە دیوەکەی دیکەشدا لە کۆی هێرشە ئامادە و نائامادەکاندا گۆڕەپانی جەنگ سوبێکتە، ڕۆبۆت نییە! بە گشتی سوبێکت هەم هێرشکەرە و هەم بەرگریکار، سوبێکت قوربانییە، کە ناچارە بەرگری لە ئامادەیی و لە هەمان کاتدا هێرشی نائامادەیی بکات.

## هەڵوەشانەوەی سوبێکت لەنێوان هێرشبردن و پارێزگاریکردندا

لە جەنگی زانیاری و چێژدا، نە سوبێکت دیارە نە لۆژیک، وەک چۆن لە جەنگی داهێنان و چێژدا، نە ڕووتیی زمان خۆی دەنوێنێت و نە ئاستی بەرجەستەی جیاوازی، یەکەمیان لەبەر خێرایی، کاتی ئاوڕدانەوەی نییە، دووەمیان لەبەر چێژی خوێنەری هەموو شتزان بیر ناکاتەوە، هێرشی زانستی تەکنۆلۆژی لەسەر گریمانەی توندوتیژی و گومان وەستاوە. هێرش و بەرگریی خەیاڵی خوێنەر لەسەر کردەی گومان و توندوتیژی چێژ دەردەکەوێت، کەواتە دەکرێ خواستی داهێنان و ئارەزووی خێرایی لە یەک کاتدا لە بەرگریکردن و هێرشکردن، لە کۆبوونەوە و بڵاوبوونەوەدا ببینین. بەو مانایەش ئەوەی بەڕێوەمان دەبات ئارەزووی خود نییە، خێرایی تەکنۆلۆژیا نییە، گومان و توندوتیژییە!

بە مانایەکی دیکە ئۆبێکتی ئارەزووی داهێنان لە ڕێگەی سەیرورەی بەردەوامەوە بۆ زانستی تەکنۆلۆژیای خێرایی زیرەکی و لۆژیک دەگۆڕێت، بۆیە ئەمڕۆ کۆی ئەو گۆڕانکارییانە بازاڕیان لە هەموو کاتێک گەرمترە و خەڵکی سڤیلیان خستووەتە گومان و لەرزەوە! بە گشتی ئارەزووی داهێنان و زانستی تەکنۆلۆژیا نەک هەر کاتی بۆ رامان ئاوڕدانەوە نەهێشتووەتەوە، بەڵکوو توندوتیژی و دڵەڕاوکێشی لای بەشێکی زۆری خەڵکی سڤیلی کۆی گۆی زەوی بڵاوکردووەتەوە.!

داهێنان هەر تەنیا وەک ئۆبێکتی ئارەزوو ناچێتە نێو خێراییەوە، زانستی تەکنۆلۆژی هەر تەنیا وەک خێرایی بڵاوبوونەوە داهێنان ناکات، بەڵکوو بە پاساوی گۆڕانکاری و سەیرورەی بەردەوام لە ژیاندا هەنگاو دەنێن، بەڵام ئەو هەموو هەوڵ و کۆششەی زیرەکی، ئەو هەموو داهێنانە یەک لە دوای یەکانە، هیچ قەناعەتێک لای ئەو کەسانە دروست دەکەن، کە ئەخلاقییانە بیر دەکەنەوە؟

بێگومان لە پشت هەر هۆکارێکەوە هۆکارێکی دیکە هەیە، بۆیە وەک چۆن وزەی خەیاڵ پاساوی بۆ داهێنانی بەردەوام هەیە، بەم

جۆرەش زانستی تەکنۆلۆژیا پاساوی بۆ خستنە لەرزەی واقیعی باو هەیە، بەڵام دواجار ئەو هەموو خیراییەی زیرەکیی دەستکرد و خەیاڵی داهێنان، ئارامی لە ژیان هەڵگرتووە! چونکە مرۆڤ هیچ دەرفەتێکی بۆ ڕامان لە جوانی لەبەر دەستدا نەماوەتەوە. ژیان کەوتووەتە نێو گومان و توندوتیژییەوە. بە کورتی خەیاڵی داهێنان چەشنی زانستی تەکنۆلۆژی هەر تەنیا بە داهێنانە یەک لەدوای یەکەکان و خێرایی زانیارییەکانی خۆی سەرسامە..

کەواتە ئەوەی بەرگری دەکات، سوبێکت نییە ئارەزووی ئۆبێکتە، بەڵام ئۆبێکت تەنیا چەمکێکە لەنێو گوتارەکانی سوبێکتدا، تەنیا لە چوارچێوەی سوبێکتدا دەتوانێ کۆبێتەوە. ئارەزووی ئۆبێکت لە سەروەری سوبێکتدایە. چەمکی (سەروەری) جۆرێک لە سەرگەورەیی بۆ سوبێکتی ڕسکاوی نێو خەیاڵی زمان و نائاگایی دەگەڕێنێتەوە، بەڵام زانستی تەکنۆلۆژیا و پەلهاوێشتنی بۆ پانتاییەکانی ژیان، ئارەزووی ئۆبێکتی لە کۆکردنەوە و سەپاندندا تێپەڕاندووە و لە خێرایی بڵاوبوونەوە و دابەشبوونی چێژدا گەمەی پێ دەکات، دەمەوێ بڵێم لە نائامادەیی چێژی کۆکراوەی ڤالووسیدا تۆڕە چێژ هەژموونداره.

زانستی تەکنۆلۆژیا هەر تەنیا خێرایی لە کۆکردنەوە و دابەشکردنی زانیارییەکان پرۆسیسە ناکات، وەک چۆن خەیاڵی داهێنان هەر تەنیا کۆکردنەوەی پێوەندیی چێژی خوێنەری جیاواز و چێژی زمان نییە. بە کورتی داهێنان گوێڕایەڵیکردن بۆ نەناسراوێکی ڕووت نییە، کە ئارەزووی جەستە و ڕۆبۆتەکانن، کەواتە ئەو گۆڕانکارییە خێرا و سەیروورانەی لە گردبوونەوە و جێگیربوونەوە بەرەو بڵاوبوونەوە و دابەشبوونمان دەبات، گۆڕانکاری ڕووتی تەکنیکە، میکانیزمی گومان و توندوتیژیش ڕووتیی تەکنیک و ئۆبێکتی خەیاڵ بەڕێوەی دەبات.

خەیاڵ کێیە، خێراییە، یان ئەوی دیکەی خوێنەر، تەکنیکە، یان ئۆبێکت، پێکهاتەی زیرەکیی دەستکردە، یان بەشداریکەری داهێنان؟ بێگومان خەیاڵ نادیارە، خەیاڵ ئەوەیە، کە تەکنیک بەجێی دەهێنێت، تەکنیک بەرجەستەی دەکات، بۆیە هەرگیز (کێیەتی)یەکەی خەیاڵ بێ تەکنیک پێناسە ناکرێت، یان لەوەدا نییە پێناسە بکرێت، کێیەتی خەیاڵ لەنێوان خێرایی دەستکرد و چێژی ئەوی دیکەدا تەکنیکە، هەرگیز تەکنیکیش بۆ ئامازەکان، یان مانا دیاریکراوەکان ناگەڕێتەوە. کێیەتیی خەیاڵ، ئۆبێکتیی ئارەزوو و تەکنیکی خیرایی بەرهەم دەهێنێتەوە. دەتوانین بڵێین وێنەکانی خەیاڵ دەمامکی نائاگایی زمان و جیاوازییە، بەڵام ئەوەی وێنەی ئارەزووی جەستە و زانستی تەکنۆلۆژی لێک جیا دەکاتەوە، کردەی بەرهەمهێنانەوە و کاری سەرسامکەرانەیە! کۆبوونەوە و بڵاوبوونەوەیە.

هەمیشە وزەی کۆکراوەی خەیاڵ، بوونی خۆی لە بەرهەمهێنانی ئاستە جیاوازەکانی داهێناندا هەڵگرتووە، بەڵام ڕووتیی خێرایی بوونی خۆی لە وزە دەرپەڕیوەکاندا هەڵدەگرێتەوە، کەواتە بەکارهێنانی ماتەوزەکانی داهێنان لە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد لە پێناو بڵاوبوونەوەیە، بەشێکی گەورەی بڵاوبوونەوە لە پێناو دابەشبوونی بازاڕی زانیارییەکانە، لە دەرکەوتنی سوود و چێژگەرایی و دووبارە دەرکەوتنە، بەڵام دەرکەوتنی داهێنانی خەیاڵ لە بەردەوامی ئاستە جیاوازەکانی بەرهەمهێنانەوەدایە.

وەک دەزانین زیرەکیی دەستکرد هاوکاری داهێنان دەکات، داهێنانیش بە شێوەی جۆراوجۆر وزە متکراوەکانی دەخاتە خزمەتی زیرەکیی دەستکردەوە.

بەو مانایەش کردەی داهێنان ماتە وزە پۆشراوەکانی وەک ڕووتبوونەوەی دەرکەوتن پێشکەشی زیرەکیی دەستکرد دەکات. لەبەرانبەریشدا زیرەکیی دەستکرد وزە دەرپەڕێنراوەکانی خێرایی وەک نەپۆشین نیشان دەدات. لێرەدا داهێنان هیچی لە دەست نەداوە، بەڵکوو لەژێر نەپۆشین، پۆشینی بەدەست هێناوە! بە مانایەکی دیکە ئەوەی داهێنان بەدەستی هێناوە ئاستە جیاوازەکانی داهێنانی خەیاڵی پۆشینە. ئەوەی زیرەکیی دەستکرد دەجووڵێنێت، نەپۆشراوی خێراییە..

وزە دەرپەڕێنراوەکانی زیرەکیی دەستکرد خەیاڵی نین و لە زانینی پەتی دەردەکەون، بەڵام ئاستە جیاوازەکانی داهێنان بێجگە لە خەیاڵی داهێنان لە ئۆبێکتدا کورت دەکرێنەوە. بەو مانایەش وێنەی زیرەکیی دەستکرد بەر لە دەرکەوتن لە مەحاڵی نەپۆشیندایە. تاکە ئیمکانی ڕووتیی داهێنان لە ئاستە جیاوازەکانی بەرهەمهێنانەوەی داهێناندایە.

## ماتەوزە و وزەی دەرپەڕیو و ئارەزوو/ تەکنۆلۆژیا

چەمکی (پێوەندی)ی لەگەڵ ئەوی دیکەی جیاواز و خەیاڵی داهێنان لە چەمکی ئارەزووی جەستەدا کۆدەبێتەوە. چەمکی (ڕوو-بە-ڕوو) بوونەوەی زانیاری و خێرایی لە چەمکی ڕووتیی زانستی تەکنۆلۆژیادا بڵاو دەبێتەوە! بەو مانایەش ئامادەیی (ئارەزوو/ ڕووتی) دەرفەتی بەیەکەوەبوون و بڵاوبوونەوە، دەرفەتی دەرپەڕاندنی وزە متبووەکان و وزە دەرپەڕیوەکان ئاسانتر نیشان دەدات، واتە لەلایەک خوێندنەوەی ئارەزوومەندانە بۆ گەیشتن ئاسانتر دەکەوێتەوە، لەلایەکی دیکەوە مەرج نییە لە هەموو پێوەندی و ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا، لە هەموو (ئارەزوو) و (ڕووتی)یەکدا دەرفەتی کۆبوونەوە هاوتای دەرفەتی بڵاوبوونەوە بێت!

چونکە لە فرەزانیاری و فرەڕووتیدا پانتایی بڵاوبوونەوە و دابەشبوونی چێژ لە پانتایی چێژی کۆبووەوەی ئارەزوومەندانە فرەوانترە، چونکە بەجێهێنانی چێژی وزە دەرپەڕیوەکانی (زانیاری- نەپۆشین) لەگەڵ پرۆسەی بەجێهێنانی چێژی وزە متبووە کۆبووەوەکاندا جیاوازە.

چێژی زانستی تەکنۆلۆژیا کە بڵاو و دابەشکراوە، لە گۆڕانکاریی بێکۆتایی هەنگاو بەرەو بانگێک لە بەرزایی نەبینراوەوە دەنێت، بە خێرایی زانیاری و خەیاڵە پڕ چێژەکانیانەوە دەبن بە دراوسێی چێژی وزە متبووە کۆبووەوەکان، یان بوونە ئەخلاقییەکەی ئارەزووی جەستە، لەو لێکنزیکبوونەوەیەدا خێرایی زانیاری دەیەوێ خەیاڵەکانی ئارەزووی جەستەی (دراوسێ) بخاتە ژێر پرسیار و تاقیکردنەوەی زانستییەوە و دواتر ئارەزوو چەشنی ئۆبێکت جێ بهێڵێت!، جێهێشتنی ئارەزووەکانی جەستەی دراوسێ وەک ئۆبێکت لە زۆربەی ڕووەکاندا دەلالەت لە پێشکەوتنی خێرای زانیاری و ڕووتی زانستی و بڵاوبوونەوە و دابەشبوونی سوودگەرایی و چێژ دەکات.

بەم جۆرە (پێوەندی)ی ئارەزوومەندانە دەلالەت لە بەرپرسیارێتی ڤالووسی و بەرهەمهێنانەوە دەکات، بەڵام (ڕوو- بە- ڕوو) زانیاری و خێرایی ئاشکراکردنی ڕووتییە، لە هەر ڕووتییەک ڕووتتر، هەڵبەتە پێوەندی ئارەزوومەندانە هەوڵ دەدات چەمکی ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاری و خێرایی بخاتە بەردەم تەحەدایەکی ئەخلاقییەوە، بەوەی یان دەبێت میوانداری لە چێژی ئارەزووی جەستە بکات، یان مۆدێلی تەکنۆلۆژی وەک مۆدێلێکی بێ مۆراڵی بسەلمێنێت. بێگومان بنەمای ئەو تەحەدایە لە ململانێی ڕەسەنێتی و ناڕەسەنێتی جوانتر دەردەکەوێت، بە دڵنیاییەوە

ئەگـەر چەمکـی خەیـاڵ لـەو خوێندنەوەیـەدا وەلا بنێیـن، ئـەوە تەحـەدای مۆڕاڵـی تاکـە هەوڵێکـە بەرانبـەر نەزمـی داگیرکارانـەی چێـژی تەکنۆلۆژیا بوەسـتێتەوە.

ئەگـەر ئـارەزووی جەسـتە و ئاوێزانبـوون وەک سـیمایەکی ژاکاوی پێوەنـدی نێرسـالارانە تەماشـا بکەیـن، ئـەوە هێشـتا مۆدێلی تەکنۆلۆژیا شـتانێکی مێسـالارانەی جیـاوازی لەپێشـەوەیە، کـە بتوانێـت دووبـارە بیبەخشـێتەوە و بەشـی بـکات! واتە مۆدێلی تەکنۆلۆژیـا (وەک پێوەنـدی و ڕووبەڕووبوونـەوە) هێشـتا بەرپرسـیارە لە پێشـوازیکردنی نێرسـالارانەی ئەخلاقـی، بـەڵام پرسـیار ئەوەیـە، ئایـا بانگـی بڵندگەرایـی مێسـالارانە، بانگـی پێدانـی ئەدرەسـی ڕووتبوونەوەیـە، بـە ئـارەزووی نێرسـالارانە، تـا لـە سێنتەرگەرایی بێتـە دەرەوە و بـە دابەشـبوون ڕازی بێـت؟

لەبـەر ئـەوەی ئـەوی دیکـەی جیـاواز چیـدی لـە ماڵـی نێرسـالاریدا نییـە و لـە ژێـر ئاسـمانێکی بـێ چەتـر و بڵاودایـە، لەبـەر ئـەوەی چیـدی ئـارەزووی جەسـتە ئـارەزووی خستنەناوەوەی کۆبـووەوە بەرانبـەر بڵاوبوونـەوە و دابەشـکردن نییـە، لەبـەر ئـەوەی ئـەوە تەکنۆلۆژیایـە دەبێتـە زانیـاری و خێرایـی، نـەک ئـارەزووی جەسـتە، ئیتـر ئـەو ململانێیـە دەبێتـە توندوتیـژی بەرانبـەر ئـەو ئـارەزووەی ماوەتـەوە، بەرانبـەر ئـەو سـوبێکتەی بە هـۆی تێپەڕاندنـی کاتـی تێپەڕێنـراو دەکێشـێتەوە و دەکەوێتـە نێـو ڕابـوردووەوە و ئێسـتا ون دەبێـت، ئەگەرچـی ئـەو سـوبێکتەی ماوەتـەوە هەمیشـە دراوسـێتییەکی بـاش پەیـڕەو دەکات، بـەدەم بانگیانـەوە دەچێـت، بـا ئەدرەسـەکە هەڵـەش بێـت.

ئـازاری ئەدرەسـی هەڵـە لـە کوێیـە؟ لەوێوەیـە کاتێـک ئـەو سـوبێکتەی ماوەتەوە، ئەو ئـارەزووەی لەبەرانبـەر فـرە زانیـاری و خێراییـدا ماوەتـەوە، ئـەو ڕەسـەنە، ون دەبێـت. ون دەبێـت بەرانبـەر گوتـاری ناڕەسـەنی دەرەوە کـە لـە قسـەکردن بـە واتـا سـادەکەی زیاتـرە، لەوێشـەوە هـەر کـە لـە خـۆی دەڕوانێـت شـەرم لەخـۆی دەکات و ئارەزووەکانـی دەکشـێنێتەوە، لـە کشانەوەشـدا پێـش هەمـوو پرسـێک داوای (ببـوورە) دەکات.

## پرسی (ببوورە)
## لە تاقیکردنەوەی زانستیدا

تەکنۆلۆژیـا لـە مـاوەی کارکردنیـدا زانیارییەکـی خێـرا و زۆری ئاشـکرا کـردووە، لـە بەرانبـەردا ئـارەزووی سـوبێکتی ڕەسـەن پرسـی میوانداریـی (دراوسـێ)ی بـێ مـەرج بـەرز دەکاتـەوە، واتـە بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان ئـارەزووی سـوبێکت لەبەرانبـەر چەمکـی بڵابوونـەوەی تەکنۆلۆژیـدا دەسـتی لـە چەمکـی کۆبوونـەوە شـل کـردووە، بەڵام لای زیرەکیی دەسـتکرد ئەو دەست شـلکردنە بەنێـو تاقیکردنـەوەی زانسـتیدا نەڕۆیشـتووە، هـەر شـتێک بەنێـو تاقیکردنـەوەی زانسـتیدا ڕەت نەبێـت، زیرەکیـی دەسـتکرد نایخوێنێتـەوە، کەواتـە ئەگـەر بمانەوێـت بـە دروسـتی لـە پرسـی (ببـوورە) تێبگەیـن، ئـەوە دەبێ بـە تاقیکردنەوەی تەکنۆلۆژیایـی بڵاوبوونـەوەدا تێپەڕیـن.

پرسـەکە ئەوەیـە ئـارەزووی سـوبێکتی ڕەسـەن لـە دەسـتی کـێ داوای لێبـوردن دەکات؟ ئایا تەکنۆلۆژیا داگیـری کردیـن، پرسـی ببـوورە ڕزگارمـان دەکات؟! هەڵبەتـە (ببـوورە) وەک نەریتێکـی مرۆڤدۆسـتانە لـە دێرزەمانـەوە هەبـووە و هێشـتایش هـەر مـاوە، بـەڵام هەرگیـز تەکنۆلۆژیـا (زیرەکیـی دەسـتکرد) فریـای دووبارەکردنـەوەی ئـەو پرسـانە ناکەوێـت، تەکنۆلۆژیـا داکۆکـی لـە خێرایـی و زانیـاری دەکات و ئـاوڕ ناداتـەوە..

کەواتــە ئــەو هاودەنگییــەی لەنێــوان زانیــاری و خێرایییــدا دروســت بــووە، لەنێــوان بڵاوبوونــەوە و دابەشــبووندا دروســت بــووە، بەشــێک لــە هۆکارەکانــی هــەم قەتیسکردنی مرۆڤدۆستییە لە پیاوسالاری (سەرکێشییەکانی ڤالووس)، هەمیش پێشکەوتنە خێراکانی مێسالاری و ڕووتییە، هــەم گۆڕینــی دراوســێ بــوو لــە بەدەمەوەچوونــی بــێ مەرجــەوە بــۆ چێــژ و قازانــج و قۆســتنەوەی وەک بارمتــە.

بــەم جــۆرە زانیــاری و خێرایــی چیدی دەرفەتــی ئاوڕدانــەوەی لــە دراوســێ نییــە، تەنیــا وەک بارمتــەی پــڕ چێــژ و ســوود نەبــێ، نایخوێنێتــەوە، ئیتــر تەکنۆلۆژیا ڕوخســاری دراوسێی لــە دەرەوە و بــۆ دەرەوە دەوێــت، دراوســێ وەک ئۆبێکــت بــەکار دەهێنێــت.. کاتێــک تەکنۆلۆژیــا لــە دەرەوە لــە سیمای بارمتــە، لــە سیمای دراوســێ دەڕوانێــت، بــۆ یارمەتیدانــی ئەدرەســی هەڵــەی خــۆی پــێ دەدات، نــەک لەبــەر ئــەوەی خانەخــوێ لــە بارمتــە کۆنتــرە، نــەک لەبــەر ئــەوەی تەکنۆلۆژیا بــەردەوام گۆڕانــکاری و ســەیرووڕەیە و خانەخــوێ لەبــری بارمتــە جێــی جیــاوازی گرتووەتــەوە، نــەک لەبــەر ئــەوەی تەکنۆلۆژیا ئــەوی دیکەیەکــی کۆچەرییــە و ئــاوڕ ناداتــەوە، ئەگەرچــی خێرایــی و زانیارییەکانــی چەوســاندنەوەی جیاوازیشــی لــێ بکەوێتــەوە، بــە کورتــی تەکنۆلۆژیا فریــا ناکەوێــت لەبــری زانســتی تاقیکردنــەوە لەگــەڵ پرســی (ببــوورە) ئەخلاقــی بێتــەوە! بێجگە لــەوەش ئەخلاقیبوونــی تاقیکردنەوە لــە خێرایــی کــەم ناکاتــەوە، خێرایــی زانیارییــەکان بەرپرســیارێتییان نییــە، زیرەکیــی دەســتکرد لــە ڕووی ئەنتۆلۆژییــەوە نــا- ئەخلاقییــە. تەکنۆلۆژیــا لــەو توندوتیژییــەدا، کــە توندوتیژیــی تۆتاڵێتییــە و توندوتیژییەکــەی لــە خێرایــی دەرچــووە، بــەردەوام گەمــەی بارمتــەکان و هەڵگەڕانــەوە و جێگۆڕکــێ دەکات. لەبەرانبەریشــدا ســوبێکت کــە بارمتــەی زمانــی نائاگایــی و جیــاوازی و داهێنانــە لە (ببوورە) دا هاوبەشــی تەکنۆلۆژیا بــکات، کــە دیســان هــەر تەکنۆلۆژیایــە.